هۆنـــراوە

# ئەستێرە و خاك



سەدرەدیـن نورەدیـن ئەبوبەکـر

هەولێر ـ ٢٠٠٤

Poetry

# *Star & Earth*

By

Sadraddin N. Abubaker

Erbil 2004

هۆنراوە

# ئەستێرە و خاک

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر

هەولێر ٢٠٠٤

| | |
|---|---|
| ناوی نامیلکه | ئەستێرە و خاك |
| نووسینی | سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر |
| کۆمپیوتەر | نووسەر |
| ئەرکی چاپ کردن | نووسەر |
| چاپخانەی | کشتوکاڵ |
| چاپ | چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٤ |
| تیراژ | ١٠٠٠ دانە |
| ژمارەی سپاردن | ١٥١ ساڵی ٢٠٠٤ |
| نرخ | ١٠٠٠ دینار |


| | |
|---|---|
| مافی چاپکردنەوەی | پارێزراوە |

# وشەیەك

شاكارەكانی كاك سەدرەدینی بەهرەمەند لە چەند تەوەرێكدا خۆی دەنوێنێ :ـ

یەكەم: پسپۆڕایەتی زۆر دەگمەنی لە جیهانی بەرهەرای رووەك و كشتوكاڵدا، كە بەڕاستی سەدان سەد وشەی گەوارا و رەسەنی كوردی لەم دەرەتانەدا لە فەوتان دەربازكردووە و چەندین چەند كتێبیشی بە چاپ گەیاندووە.

دووەمیان: لە بواری رۆمان و چیرۆك و شیعردا، كە ئەمەش مایەی تێڕامانێكی وردە، بەتایبەتی ئەو زمانە پێسوك و جوان و رەوان و هەرەشیرنەی كە لەم بوارەدا بەكاریدەهێنێ .

ئەم چەپكە شیعرەی ئێرەش كە بە زمانێكی پڕجۆش و خرۆش و راستگۆیانە و بە سینە سۆزێكی پاكی كوردانە و مرۆڤانە دایرژتووە، مایەی دەسخۆشی وئافەرینە و هێشتا ئەم چەشنە شیعرانە لە كوردستانی ئەمڕۆدا باوە و خوێندەواری خۆی هەیە...

رەگاژۆتربێ هەوڵە زانستی و ئەدەبیەكانی ئەم برا كۆڵنەدەرە كە زۆر بەبێ دەنگی نیشانەكانی دەپێكێ...!

محمود زامدار ٢/٤/٢٠٠٤

# پــــەیڤێـــک

ئەم چەند رستە نووسینەی خستوومنەتە نێو قالبی هۆنراوەوە، ئازار و بەرەنگاربوونەوە و کەفوکوڵی کاتوساتی هەڵچوون و نیشتنەوەی تایبەتی خودی خۆم و دەوروبەرەکەمن، وەك نووسینەوەی یادەوەرییەکان بۆخۆم تۆمارم کردبوون و لە دێیەك لەلای هاوڕێیەك(بەرزەواری) دامنابوون، چونکە دەرفەتی هەڵگرتن و بڵاو کردنەوەیانم نەبوو، لە ماڵی ئەویشدا زۆربەیان فەوتابوون. وادەزانم کرچوکاڵن و کاتیشیان بەسەرچووە، خۆیشم ئێستا لەگەڵیان تەبانیم، بەڵام هەست دەکەم هێشتنەوەیان لە کوژاندنەوەیان باشتربێت.

چیرۆکە شیعر

## پانۆرامای زەماوەندی پەری

من و دایکی و دەسگیرانی و حەشاماتێك،
بۆ سۆراخێك، بۆ مەزاری لاوی ونبوو :
(بێستوون)، (سیپان)،
(دیاربەکر)، دوورگەی (بۆتان)، ژێر دەریای(وان)،
(ساوجبلاق)، (قەڵای دمدم) و (مەریوان)،
(قەڵادزێ)، (بالیسان)، ( بەری بادینان) ،
دەشت و دۆڵ و بن شاخ و بەرد،
(گۆڕستانی کارگەی قیر) و (گردی سەیوان)،
(ئەبوغرێب) و (نوگرە سەلمان )،
ناو ئەشکەوتی دەم و ورگی
چەند نەهەنگێ
( باب العالی)، (سەعدئاباد)، (سیڤەر)، (لۆزان)
دەگەڕاین و دەمانپرسی.
بۆ بیابانی بەرەو کەعبە ، رووەو رووگە شۆڕبووینەوە،
لە ناو دەریای زیخ و لما، لە هەر چوار لا تراوێلکە،
لە خۆم ونبووم ، ونبوون شوێن پێم، ونبوو رێگام...

گەرمای دۆزەخ،
بێ ئاو وەك ئەستێرەی مەریخ،
بەشەكەتی، لەتەك گردۆلكەی لم و زیخ
بەرچاو لێڵ و هیوا بڕاو
لە نێوانی مردن و مان لێی ڕاكشام...
لە ئاوزینگدان و گیانەڵا،
هزر و بیری خۆم دەگێڕا،
نزیك و دوور، درشت و ورد،
لە خۆم و لە دوژمن زۆری و بێكەسی كورد
بە هەموو هەستم رادەمام....
لە هیكەوە، لە ژێر زەوی،
لە هەر چوارلا كەڕەنایێك
پەردەی هەردوو گوێمی دڕی
رایتەكاندم
(............................)
(............................)
زیڕەی كیژی ئابڕوو براو،
نووزە و نزای پیرەمێردی شەتەك دراو،
دەیان، سەدان، هەزار كەللە
كەللەسەری گەورە و بچووك،

به پەرۆشەوە دەیپرسی :ـ

((ئێمە لە کوێین؟ لە کام سەدەین؟

کوا مرۆڤایەتی؟ کوا ئیسلام ؟

ئێستا چ وەرزێکی ساڵە؟

نەورۆز کەی دێت؟

میوەی بەری خوێنی ئێمە

کام گریهما هەڵی لووشی؟

کەوتە ورگی کام چاوبرسی ؟

تکا... تکا... هەزار تکا ... : ـ

گوڕغەرییبین،

دەمانەوێ ببینەوە خاك و خۆڵ و

گیا و کلۆوکی نێرگزجاڕی

شوێن هەواری باپیرانمان!)).

پێشتر خەریك بوو دەخنکام !

بێ دەستی خۆم

بۆدەنگەکان پەلکێش کرام!

بە چنگ، بە پێ، خێرا خێرا،

لمم لە سەریان وەلانا،

ژێرپێم رۆچوو،

له ناوەندی چاڵە گۆڕی سەرداپۆشراو
خۆم دۆزییەوە،
لەم تارییە
پێم لە داوی دەمامکی
((وحدة ، حرية ، اشتراكية[١] )) گیربوو،
تەرمی خاك و لاشەی مافی زەوتکراو
شارەگۆڕی زیندوو نێژراو
گۆڕەوشاری زیندوو دراو،
ئێسك و پرووسکی تێکەڵاو،
ئاوەڵکراسی دادڕاو،
بەروانکە، کۆچك،پاوانە، مەمەی منداڵ،
بازن، دەسماڵ،
چۆغە و شەرواڵ
جامانەی سوور، جامانەی رەش، مشکی،کڵاو،
سمێڵ، کەزی، ریشی سپی، تاك تاك پێڵاو،
کەلەپچەی دەست، سندمی پێ، پەتی گەردن،
دایکێك بە دوو دەستی شکاو
دوای گیان فڕین

---

[١] – سێ ئامانج و دروشمی بریقەدار بوون پارتی فەرمانڕەوا بۆ داپۆشینی رەگەزپەرستی خۆی و پاکتاوکردنی نژادی گەلانی دیکە بانگەوازی بۆ دەکرد

توند کۆرپەکەی
بەخۆیەوە شەتەك دابوو.
تاوانی وا گەورەو بە سام ...
ترسام، هەڵچووم، سووتام، گریام
گریام...گریام، گریام...گریام...
سێ ساڵی پڕ، سی و شەش مانگی ڕێك و تەواو[2]
لە دیار ئەم دیمەنە وەستام،
گریان و شین،
هەڵچوون و کین،
خەنجەر و زام،
خەم و خوێن و ئێش و ئاوات
لە نێو یەك (بۆتە)دا کوڵان
کوڵان..کوڵان، کوڵان...کوڵان
بوون بە چڕك، بە موچڕك
بوون بە هۆزان، بوون بە گڕکان
بوون بە هەڵم، بە (با) هوڕە
لەپڕ بوون بە هەوری سکپڕ،
بوون بە باران، بوون بە لافاو،
بە ڕاپەڕین....

---

٢ – ماوەی نێوان ئەنفالی شووم و ڕاپەڕین

له ناکاوڕا سروشت گۆڕا،
لەم باهێرە وشك و چۆلە
فەرشی سەوزی بۆراخستىن،
باخ و رەز و میوەی نایاب،
کێڵگەی سەوز،
تاڤگەی مەی و گۆمی هەنگوین
دۆڵ و قەدپاڵ، چیای سەرکەش،
لووتکەی بەفرین،
جۆگە و کانیاو، دەشتی بەرین،
گوڵی زەرد و سووری ناو رەش،
تاك تاکە هەنگ،
پۆڵە پەپوولەی رەنگاورەنگ
هەڵدەفڕین،
دەنیشتنەوە و دەمیان دەخستە نێو دەمی
ناسکە گوڵی شەرمن و مەنگ.
لێرەوار بوو نزیك و دوور،
قاسپەی کەو بوو، چریکەی شالوور،
تاوس، تووتی،کەڵەکێوی، ئاسك و شوور،
رەوە، رەوە دەلەوەڕان
سڵیان دەکرد، دەردەپەڕین.

ئاسمان سامالّ،  بێگەرد، شین شین
پەلە هەوری سپی سپی،
لە ئاسۆوە پەیدا دەبوون
وەکو کەشتی چارۆکەدار زۆر بەکپی
بە دەریای ئاسماندا دەخشین.
پۆل پۆل باڵندەی کۆچەری,
دەم بەئاواز بە ئاسماندا تێدەپەڕین.
بەهەشتی رازاوەی خەملّیو
کوردستانی رزگارکراوی بۆ دەرخستین.

* * * * *

لە ناو شاری  جوان رازاوەی
حەلەبزاکی، هەڵەبجەی کورد
ڤیستیڤاڵە، زەماوەندە
لاوی بزر[3]، گەلاوێژی گەشی نەمر
کاکەی ناودار، هاوڕێی گۆڕگوم
پاڵەوانی شکۆمەندار

[3] – عەبدوڵا ئیسماعیل عەبدوڵڵا ( پوورزامە): لە گەل پازدە گەنجی دیکە، دەزگا داپلۆسێنەرەکانی هەولێر گرتنیان و شوونبزریان کردن، دایك و دلدارەکەشی بە دوای  سۆراخیدا دەگەڕان، لە /١١ / ٩٨٤ بزربوون و لە ٢٠٠٣ /٥/٢٧  گۆڕی هەندێکیانیان لە ئەبوغرێب دۆزینەوە و هێسك و پروسکیان هێنانەوەوە.

حەفتا هێندەی جاران مەزن
سەرفراز و دەم بە خەندە
لەسەر کورسی ئاوریشم و زێڕ دانیشتبوو،
بەرگی سەوزی پاشایەتی لەبەردابوو،
تاجێکی خۆر لە سەر سەریا داگیرسابوو،
مێخەکێکی سووری تاریك لە بەرۆکیا گیرکرابوو
پەلکە رەنگینەی پشتێن بوو،
خەنجەرێکی دەسك یاقووتی لەبەربوو
حەفتا پەری، حەفتاو یەك تاوسی سپی
حەفتاو یەك بووك
چاوەڕوان بوون
ختۆکەی خۆشیان دەهاتێ
دەمیان سنگیان،
هەموو هۆش و ویست و هەستیان
بۆ راموسین
بۆ تێك ئالان، بۆ گوشین و بۆ هەڵمژین
برسی... تێنو
وەکو ساوای دایك نەمای حەڵەبۆکە*
دەمی تاڵی، لێوی وشکی، چاوی وێڵی

---

* هەڵەبجە

دەگێرێ بۆ گۆپکەی مەمکێ
بۆ مەمۆکە

* * * * *

چوار ملیۆن کەس، تۆ بڵێ چل،
چوار پێنج ملیار
بەڕیز وەستاو
وەك زنجیرەی ئاوارەکان بۆ لەتێك نان،
دەست لەسەر سنگ بە بەردەمیا تێدەپەڕین ،
شەپقەی سڵاو ،
سەری رێز و نەوازشیان بۆ دادەنواند.
منداڵی جوان، نەرم ونیان
چەپکە ماچ و دەسکە گوڵیان دادەباراند،
ریزە خەڵکی نە پساوە
رووخۆش و دەم بە پێکەنین
شەپۆڵ شەپۆڵ تێدەپەڕین.
هەزار هەنگاوێك لەو لاوە
لە سوچێکا ، لە دەم چەمێك،
شوێن هەواری خاپورکراو
وێرانەی شار ، کەلاوەی دێ
پاڕانەوە و هاوار هاوار،

وەی وەی، رۆ رۆ،
گابۆڕانێك دەهاتە گوێ،
کۆڕەوەکە دەسەنگڵاوە،
لافاوی حەشاماتەکە
دەڕژایە سەر دیمەنێکی رەش و پڕسام...
چەند بەدفەڕێ،
دەروون کوێر و ویژدان کەڕێ ،
(ئەهریمەن) و ( ئەبوجەهل) ،
( نیرۆن)، (نەمروود)، (مۆسۆلینی)،
(...)، ( شاپەهلەوی)، (کوڕ حوسەینی)
کۆمەڵێکیش زۆڵە کوردی پاشەڵ مردوو
وەك دڕندەی تەڵە گرتوو،
لە داخانا بە چڕنووکان
رووی رەشی خۆیان دادەڕنی،
پەنجەی خۆیان دەکرۆشتەوە.
تف و نەفرەتی خەڵکەکە
سواخی دەدا نێوچاوانیان،
خڕکە بەردی رەجمکردن
رەهێڵەی بەردە باران بوو
بۆ سەر سەر و نێوچەوانیان دادەباری.

کوچکە و گاشە و بارانە  بەرد، کەڵەکە بوون،
کەڵەك کەڵەك بوون بە بێستوون.
لەژێر باری بەردا تەپین،
تۆپین رزین تێکەڵاوبوون
خەستبوونەوەو بوون بە چڕك
دووبارە هەڵگەڕانەوە،
بوون بە دڕك
بە دووپشك...
هەولێر ـ ١٩٩٢



# ئەستێرە و خاك

بۆ ئەو ساوایانەی لە رەوە پڕ ئازارەکەی ئاداری ١٩٩١ لەسەر سنوورە دەسکردەکان نێژران، بۆ ئەو کۆرپە کاکۆڵ سوسنی و کولم گولاڵەیەی (ساماڵ) کە لە شەوی ١٦/١٧ ئادار ، یەکەم شەوی جەژنی رەمەزان لە سەرمان و لە برسانا لە گاگۆڵە کەوت و بۆ هەمیشە بووە نەمامی گۆڕستانی گوندی دەربەندی رایات، لە دامێن لوتکە سەرکەشەکانی هەڵگورد.

(ساماڵ) ! رۆڵە
بۆ بەم جەژنە تاڵ و سۆڵە
لە باوەشی دایکی کڵۆڵ و لانەواز
خۆت دزییەوە بە گاگۆڵە ؟
سمۆرە چاو گەشەکەم ! بۆ
بە دوو فرتك[1]
خۆت گەیاندە دار بەڕووەکەی
سەر گۆڕستان ؟
بویت بە رەگی پیرە دار و
بە ناخی خاکدا چوویتە خوار،
گەرەکت بوو پیرەبەڕوو گەنج بێتەوە ؟

---

1 – قەڵەمباز، باز

تۆ دەتەوێ ببیە فێنکی گەرمای هاوین؟
یان مەرامتە ببیە ئاگر گیرەی زستان ؟
بۆیە نەتهێشت لە بەهاری ئەم کوێستانە،
لەم (دەربەند)ە ، سروەی بەیان
پەرچەمەکەی سەوز و زەردت شانە بکا،
لەجێی ئەم رەنوە بەفرانە
گوڵاڵە کەروێشکە بکا،
لە گەڕی هەڵپەڕکێی زەمەند
سەرچۆپی رەشبەڵەك بگرێ و
هەیدۆ، هەیدۆ دەسرۆکی زامم بابدا،
چوزەرەی ناسك و سپی بووکی رێواس
بە نازەوە سەرپۆشی بەفر وەلانێ و
بچێتە دەست (کەوش)[2] کەرانی ئەم (دۆڵ)ە [3]

* * * *

ناسکۆڵەکەم! پێم ناڵێی چۆن

---

2 – کەوش: کوڕ و کچی جحێڵ لە بەهاران بۆ چاو لەوەڕان، بۆ گۆرانی هەڵپەڕکێ و فێنك کردنەوەی سۆزی گڕگرتوویان، بۆ کەنگر و رێواس و کوارگ کردن بە رەو دەکەونە کوێستانان.

3–مەبەست دۆڵ ئاڵانە کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی رایات و بە رێواسی مزر و سپی و ناسك زۆر بەناوبانگە.

لەگەڵ چەندین ساوای وەك خۆت

لە ((هەڵێ هات)) ،

لە رەو کردن، رەوی گەورەی رەوینەوە

یاخی بوون و کۆت و شکاند؟

بوون بە جوانووە ئەسپی خورتی سرکی یاڵ زەرد،

بە تەقڵەکوت [4]

یاڵ و ملە و هەورازتان گرت

بۆ سەر دوندی هەڵگورد کشان

لەوێش بوون بە پۆلە کۆتری سپی بەفرین

بە رەو فڕین،

بە قووڵایی دەریای چاوە سامالّییەکەت

تیژ تێپەڕین،

خۆو گەیاندە رەوە کۆتری

(هەورامان) و (شێخ وەسان) و (بادینان) و

( دەشت گەرمیان) و (ئەنفالەکان)،

لە بەرزایی ئەم ئاسمانە

بە هێمنی چەند کەڕەتێك سووڕانەوە

هاوارتان کرد: ((بای بای، بای بای))

بە پەلەتر باڵتان کوتا و

---

4 – راکردنی ئەسپ زۆر بە خێرایی

رەوە و هەوراز هەستانەوە
رۆیشتن تا گەینە بنمیچی ئاسمان
لە پەردەی (سدرة المنتهی) تێپەڕین،
هانای ئێمە و
پەیام و رازەکەی خۆتان
گەیاندە بارەگای یەزدان،
بوون بە ئەستێرە و داگیرسان.
* * * *
ئەستێرە لەبەر چاوی من دەشنێتەوە،
دەجریوێنی،
لەناو گوێما دەحیلێنیٚ، دەگمێنیٚ،
رۆڵە چیبکەم ؟ من نازانم
نەبیٚتوانام نە هەروایە
شنە شنەکەت ناناسمەوە،
جریوە و ورشەتان یەك رەنگە،
دەنگتان مارشی راپەڕینە،
یەك ئاوازە، یەك هۆنراوەیە، یەك دەنگە،
چۆن بزانم لەو ملوێنە ئەستێرەیە
چەندتان ساوای بیٚتاوانی کوردستانن،
* * * *

ئەگەر پێتان شادببمەوە( سامالّ)ەکەم،
ئەستێرەکەم، (هەوی*) یەکەی خۆم دەناسمەوە
(خەرمانە) کەی:
خەرمانێکی کەللە سەر و دەست و پایە
کوشتەی دێوی نەگریسی هێرۆشیمایە،
ئەندام بڕاو، نیوە سوتاو، خوێن تیانەماو،
چرمسایە*.
بۆن و رەنگی گازی کیمیا
لە هەناسە و هێسکی دایە.
خۆزگە لە جێی گشت دایکێکی ئەم ولاّتە
لە نێو ماچ و راموسانی
ئەستێرەکەی نەناسراوم،
مەلۆتکەکەی کەس نەماوم،
گڕی لانکی بە مندالّەوە سوتاوم
دەتوامەوە.

*     *     *     *

---

* مانگ، هەیڤ

* لەڕولاوازی بێئەندازە

تا ریشاڵی بەڕووی بێباك
گەشە بكات لە ناخی خاك
هەتا كۆترە شینەكانی كێوی سەركەشی (هەورامان)
گریان و ناڵە بكەنە(هۆرەی) خەمناك
تا هەوری سپی لە سەری (هەلگورد) ئاڵابێ
هەتا ئاو بە سەرچاوەی ئەم (چەم)* ە دابێ
تا رۆژ و شەو، لەدایكبوون، مردن و مان،
تا سووڕانی زەمین مابێ
پشت ئەستوور و خاوەن كوڕم،
گڕ و نەوتی هەمیشەی (باباگوڕگوڕ)م
زاخدراوم، ئەڵماس بڕم
سوورم لەسەر داوای تۆڵە.

*    *    *    *

لە ناو بەفر و سەرماوسۆڵە
هەناسەكەم، ئەشكی وشكم
گڕ وئاسن و بەفری سووتاند،
سووتام رۆڵە...
بۆ دیدە گەشەكانی تۆ
لە پێناو ئەم خاك و خۆڵە

---

* چەندین لكی زێی گەورە لە دەوروبەری هەلگوردەوە هەڵدەقوڵێن

شەپۆلی لافاوی کینەی پیرۆزی من
کەشتییەکەی نوح ژێر ئاو دەخات
(ئیڤەرێست)یش دەخنکێنێ ،
خنکام رۆڵە...
لە نێوانی ئەستێرە و خاك
بۆ کوێ دەچێ ئەم زوحاکە نمەك زۆڵە؟

*     *     *     *

هەی لۆ لۆ، هاوارە لێ لێ، وەرە لێ لێ، رابە لۆ لۆ
ژ وڵاتێ کوردان زارۆك قڕانە، قڕانە ئیرۆ،
بێواریێت ژار، بەلەنگازێت بچویك نەمای،
زارۆکێت بێخودان رۆ رۆ
ئێوارە ژمن درەنگە، گەلۆ رابن، تا رۆژێ تۆڵەسەندنێ
ئەز دناڵم، ئەز دەسووژم لاوۆ لۆ لۆ
هەی لێ لێ، دلێت من گەلەك گەلەك ب خەمە، هەی لۆ لۆ،
دلۆ لۆ لۆ ، لۆ لۆ دلۆ ، لۆ لۆ، لۆ لۆ، لۆ لاوکۆ



هەولێر– ١٩٩١

## دەرد و دەرمان

مەلای پێشنوێژ....!

هەڵبەستێکی حەمە شێتم لە دڵ دایە،

پەیامی پیرۆزی خودایە،

لە پەڕەی دڵ بینووسەوە !

بە تەنهایی، بە تیلەی چاو،

بێجوولەی لێو، بێدەنگ تەواو

بیخوێنەوە!

لە نوێژی هەینی داهاتوو

لەسەر مینبەر بۆ خەڵکەکەی بگێڕەوە!

پەیامەکە:ـ

ڕووناکایی بروسکێکە

دڕ بە تاریکی دەداتن.

رابەرێکە...

پڕ ئەزموونە،زۆر ئازایە،

کەند و کۆسپ و هەوراز و لێژ شارەزایە،

هەزار کاروان ڕێگەی گرت و

کاروانکوژە بە هەڵەی برد،

دوای سەفەری دوورودرێژ

لە دوا تەکان، بەرلەوەی کە

پێ بنێتە سەر دوا ئاوڕێژ
نسکۆی دوبەرەکی خستی
کە دۆڕاندی،
بە شەکەتی و شەرمەزاری
دەگەڕێتەوە سەرەولێژ.
دمدم، پاشا، خان، شێخ و قازی و مەلا
هەموویان لە پشتڕا پێکران،
لە هەمان خەرەند هەڵدێران
زامێکیشمان سارێژ نەبوو.
چ پەندێکمان
لە فرمێسک و ژان و ئێشی چیاکانا،
لە رووباری رووداوەکانی رابردو
هەڵێنجاوە؟
لە بەرەبەیانی مێژوو، لەوەتەی هەین
هەر رەشپۆشین،
هەر سەپانی درك و پووشین،
خەریکی نێرە بدۆشین.
بە پێوەینە و رێدەرناکەین
لەناو جغزێکی داخراو
تێکدەسووڕێین، سەر بادەدەین

گێژین...گێژ...گێژ...

شەقامەڕێ و

ئەستێرەی گەشی بەیانمان

خۆناسینە، وردبینینە، دوور روانینە،

یەکیەتییەکی پڕ باوەڕ و گوڕم وتینە

فریونەخۆین بە هەنگوینە

ژەهراوییەکەی کابرای خوێنڕێژ.

گەردەخوازن ئێمەش پیاوبین،

خاوەن ئاڵا و خاوەن ناوبین،

میوانی مانگ و ئەستێرە و خۆرەتاوبین

پشتێن تووندکەین

سواری ئەسپی

راپەڕین و هەڵچوونی پیرۆز و تاوبین،

ئەگینا هەر بێ نیشتمان

بێناونیشان، بێ شەرواڵ و

بێ پشتێن و خەنجەر و کەوش و کڵاو بین،

بەڵام دەبێ خۆ بناسین،

نیوەی لای چەپمان ئاگرە

لای راستیشمان هەموی بەفرە

ئاگر بەفر دەباتەوە

بەفریش ئاگر دەشواتەوە

ئەژدیهایەکی پێنج سەرە

لە پێنج لاوە

گینگڵ دەدات، دەکیفێنێ

خۆشاوی ئاگر و بەفر دەخواتەوە

شەقڵاوە- ئەیلولی ١٩٨٤



## رازی روانینێك

خاتوونەکەم...!

چاوەکانت

بە زمانی خۆشەویستی،

شێوەزاری ئەڤینداری

لە نێو ناز و لە ژێر شەرم

بە هێمنی

چاوەکانی من دەدوێنن.

زەردەخەنەی چاوەکانت

پووشی پاوانی ئارامم دەسووتێنن.

دوو دیدەی من بە گوڕ هاتن...!

دوو ئاوارەی ماندوو و برسین

بۆ ئارامگات هاتن شیرین

هاتن...! هاتن...!

لە دەروازەی دڵت بدەن

پڕ بە گەروی هەستی بینین

بێترس و سام ، بە دڵنیایی،

بە وشەی سادە، بە ئەسپایی

بەبن گوێتا بچرپێنن

رازی دڵیان بۆت هەڵڕێژن،

بە تۆ بڵێن

تۆم خۆشناوێ هەر بۆ جوانی

تۆ ئازیزی هەست و گیانی،

دڵە خورپە و

جریوەی وشەی دیلی هەستت

مەخنکێنە...!

هەستی ناخت بدرکێنە...!

وشەی نێو هێلانەی چاوت

لەسەر زمان هەڵفڕێنە...!

تاسەی تێنوی خوای بیستنم

بە لێوجولانێك بشکێنە...!

سەری دێوی داخ و ئازار،

هی تامەزرۆیی و تەنیایی

لە جێژوانێ

بە خەنجەری ئەوینی پیرۆزیی خوایی

بپەڕێنە...!

ئەنگوستیلەی مەرج و پەیمان

بکە پەنجەی ئاواتی ژیان

ژیلەمۆی نێو ئاگردانی چاوەڕوانیم

دامرکێنه...!

با هاوسەر و هاوسەرین بین،

لانکی کۆرپەی دڵداریمان راهەژێنه!

گەوزدان و گازگرتن و بەخۆگوشین

بۆنکردن و ماچی تەڕ و دوو لێو مژین

تەزووی گەرم تەزاندمی،

هەستێکی دی  بزواندمی

نەستێکی دی بەزاندمی.

خۆشەویستم ئارامبگرە...!

پەڕەسێلکە

لە پەنجەرەی چاوی گەشت

لەسەر تەلی کەمانچەی ناز

هەڵمەفڕێنه...!.

من ڕێبوارم لە کاروانێ بەجێماوم

جارێ ڕێگەی دوورودرێژم لە پێشه

بەڵێن نادەم بەبێنیشان ،

نیشانیشم...

زەماوەندی ئازادییه

بۆ ئەم وڵاتە پڕ ئێشه.

هەولێر - ئاداری ٩٧٤

## هەگبەی هەستم          چامە

## ١

ئازیزەکەم...!
کاتی خۆری پێکەوەبوون
لەسەر کێوی لێکدابڕان
ڕەنگی زەردبوو،
بە ناکامی
دوا هەناسەی لە دەم دەرچوو،
لەو ساتەوە تۆ خزایتە نێو دەروونم،
گوێچکەی دڵم
هێدی هێدی توایتەوە
بویت بە شلەی خوێن و بووی بە
هیمۆگلۆبین
زۆر لەسەر خۆ
بەناو هەموو خانەکانما
سووڕایتەوە.
تۆ بوویت بە من

من بووم بە تۆ،
بوین بە یەك و
هەرگیز لە یەکدی جیا نابینەوە.

## ٢

خۆشەویستم...!
دەردی دووریت
دڵەی پڕ سۆزی تاساندم،
مەلی سەر هێلانەی شادی لێ تاراندم
لەمەش تاڵتر وا لێرانە
چەند دڕەندەی شێوە مرۆڤ
گوێ لەق، چاو زەق،
سگیان زل و دەمیان بەشە
کۆتری سپی لە دیدی وان قەلە رەشە
ئەوینداری گوللەیەکە
مێشکی سەریان دەپڕژێنێ،
وا خەریکن بێشەرمانە
گۆمی قووڵ و مەنگی هەستم
دەشڵەقێنن،

وێنەکانت لە ئەلبوومی دڵداریما
دەسووتێنن،
کۆرپەی یادت لە باوەشی دایکی بیرما
دەقەپێنن،
دەیانەوێ نەقاسپێنم
بە واقە واق کەو بدوێنم.

دڵدارەکەم...!
خۆشەویستیت ئەو دڵەیە
خوێن لە لەشما دەسوورێنێ،
ئاوازێکە گیانی من هەڵدەپەڕێنێ،
دەمگرێنێ، دەمخەنێنێ،
بارانێکە
کێڵگەی هیوام دەخەملێنێ
لە نیوە شەو گزنگی خۆرم بۆ دێنێ
* * * *

## ٣

لە سەربازگەی ئەو پەڕ سنوور
پاسەوانی سەر هێڵی سوور
سنگ قەڵغان و هێرشبەرم،
کارەکەرم، بارەبەرم

کەچی هێشتا جێی بڕوانیم...!
پاسەوانی baرووتخانەم
چەکی دەستم بێگوللەیە،
سەعفی خورما و شوولی دارە
جێگام چۆڵی و دوورە شارە
دەستبەسەرم.
ناسنامەکەم لە نێوچەوانما نووسراوە
بۆ کوێ بچم (کاکە)م ناوە
کە بانگم کەن دەقیڕێنن: ـ
(( ولەك كاكە...! زووکە راكە...!))
چونکە کاکەم زۆر بەدناوم
کیوی و شێت و گێل و کەرم،
ڕێگرم، رەگەزپەرستم،
کەللە رەقم،بیژوو و خوینڕێژ و نۆکەرم.
* * * *
شیرینەکەم...!
پرۆفیسۆرە نەزانەکان
نووشتە بۆ مانی شەوەزەنگ
لای فاڵچییەکان دەنووسنەوە.
بە سەرسپی و چیت سەوزەکان

دەیجوونەوە.
وا مەلا و شێخ لە مینبەرا
بە سەرکۆتی، بە پێی پەتی[2].
بۆ زەماوەندی ئەهریمەن دەردەپەڕن.
سەرچۆپی رەشبەڵەك دەگرن،
لچکە کەواو بەرماڵی نوێژ
بادەدەن و هەڵدەپەڕن.
گۆڕی چاك و پەرستگاکان
لە شاباشی شایی دەدەن.
فیقەی زوڕنای شێخی جەجاڵ،
زنجیری هەشت پەلی قرژاڵ
چارەنووسی تۆبەکار و مەلای ملهوڕ
لەناو تەکیە، لەسەر بەرماڵ
لە هاتوچۆی رێگەی نێوان مزگەوت و ماڵ
دەکاتە ناو گەرووی ئاشی نەهامەتی،
دەیخاتە چاڵ.
فیشاڵبازە بەناوەکان!

---

2 – ئازادی خوازان وسۆشیالیست دۆستانی ناوچەکە و جیهان ئەو کات شۆڕشی کوردیان بە کۆنە خواز و رەگەزپەرست دەزانی و بە فیکەی بە فیکەی ئیمپیالیزمی جیهانییان دادەنا و دژ بە جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد پشتگیری بەغدایان دەکرد و بە شان و باڵیان هەڵدەگوت!

دمبگچییە رووخاوەکان!

بە ژێری کەر؟

یا بە فیکەی مام جادووکەر؟

یا بە نوشتە و پیسە پیلان

کوورەی خۆر و ئەستێرە و مانگ

بەجێدێلن تاقی ئاسمان؟

بێهودەیە...

سەگ بە مانگەشەو وەڕینە.

بێهودەیە...

جل لەبەرخۆ دادڕینە.

بێهودەیە...

وشتر پڵنگی بۆ بارناکرێ،

مراوی بازی بۆ راوناکرێ.

بزانن کێم!

بزانن چیم،

ناونیشانم

دەنگم...رەنگم...،

شێوە و ئاکار، جلوبەرگم

چیاییمە، من پڵنگم،

من خۆم هەڵۆی بەرزە فڕی شاخەکانم،

ئەز سوارچاکی مەیدانێمە و
چەك بەدەست، پێ لە ئاوزەنگم،
قاڵبووی خەبات و شۆڕشی
سەخت و پڕ لە زەبروزەنگم،
چویمەتە سەر کێوی( قاف) و
شاری ( واق واق)یشم دیوە،
(پانیپال)یش لە ژێر چەکمەی من تۆپیوە،
شاخی( ئەسکەندەری گەورە)شم بڕیوە،
سەری ئەژدیهاك و زوحاك
بە چەکوشی باپیرە کاوەم پەڕیوە،
هۆلاکۆی شووم...،
چەند سوڵتان و پاشای دیکەش
بەرامبەر من، لەم شەڕگەیە
پشتیانداوە ، ئابڕوویان لێرە رژاوە.
ئێستا ئێوەی نەفرەت لێکراو
دەتانەوێ
ئەم مێژووە
بسترِنەوە.
دارستان و بەفر و رووبار،
من و هەڵۆی ئەم کێوانە

پێکرا چاومان هەڵێناوە،
پێکەوە خۆمان ناسیوە و
هەرگیز لە یەك دانابڕێین.
هۆش و کەللە و جەستە و خوێن و دڵی یەکین
بپرسن لێم!
بزانن کێم؟
بۆ کوێ دەچم؟
لە کوێوە دیم؟
کامەیە رێم؟
لە کوێندەرە هەوارگە و جێم؟
بنیادنەری یەکەم شار و یەکەمین دێم.
بزانن چیم!
تاکو گەردوون لە گەڕدابێ
من بێچەك نیم
چەك بڕوامە... گولله خۆمم...
تانك و ناپاڵم و ئەتۆمم،
مێك و میراج و فانتۆمم...
یورانیۆمم...
من خۆم خۆمم...
من خۆم خۆمم...

دەستبەست ناکرێم من پشکۆمە،

چیلکە و نەوت و ژیلەمۆمە

بۆهەناسە و هەوێنی گڕ

بۆ بڵێسەی گڕی نەوتی باباگوڕگوڕ

تامەزرۆمە...

دڵدارێکم ...

خۆشەویستی من ڤینۆسە

دڵی بەندەم کڕنۆش دەبات

لە مزگەوتێك هی ئیرۆسە

بۆ چیمەن و باخچە و بەهاری فیردۆسە،

بۆ گوڵزاری دامێن چیاکانی زاگرۆسە،

بۆ خەندە وپێکەنینێکە

لە رۆندکی قەتیسماوی زاروزیچە

رووت و برسی و ئاوارەکان

سەردەردێنیێ.

بۆ وڵاتێکە

چیچلەی مەمکی لووتکەی کەژی ،

هەردی ، دەشتی، لادێ و شاری

خوێناوی گەش دەدەڵێنیێ.

بەندی و خەڵکی شارەکانی

نان نییه بیخۆن،

ورد و درشتیان

گۆڕ لێدەدەن،

گوڵ دەنێژن.

ڕێبوارەکان....

لە دوڕیانی خەم و قینا

تووڵەماری ڕێی ڕك دەگرن.

ڕۆشنبیرە بێدارەکان...

پەلاپیتکەی هەستی سواربوو دەبزوێنن،

کلاشینکۆف و دۆشکەی قەڵەم

ڕستە ڕستە دەتەقێنن.

کەشتیارەکان...

لە سەهۆڵی کێڵگەی ئازار

تۆی ئاگر و نەمامی گڕ

لە وەرد و بوردا دەڕوێنن.

کرێکارەکان... ڕەشورووتە بێکارەکان...

مان دەگرن و

ئاڵای تیشکی زێڕینی گڕ

لە باڵای بەرزی ئەڤینا دەئاڵێنن.

شون بزر و ونکراوەکان،

دەست و پیٚ و چاو بەستراوەکان

لە زیندانی

پاستیل، نوگرە، رۆخ ( جسر الخر*)

خڕ[2] دەردێنن.

راوچیەکان...

ئاسکی ئاواتیان راودەکەن.

دڵدارەکان...

لەگەڵ لەیلای خۆیان دەنوون

مژدەی خۆشی وجاخڕوونی

لە پشکی پیرۆزی نەورۆز،

لە دامەن و منالدانی شۆخی بەهار

بۆ بەر مەمك و بۆ لانکی کۆست کەوتووەکان

بە بووکانە و چەپڵە رێزان :-

((کوڕمان هێنا و هاتینەوە

کوڕمان جوانە و بووکیٚ دێنن

بووکانە بووکانە بووکیٚ))

.........................

لە (سەفین) و (مەتین)ەوە

---

* پردێکە لە نزیك ( قصر النهاية)کە بە ناوەکەیەوە دیارە بەندیخانەیەکی زۆر ترسناکە.

٢ - گشت، هەموو

خەندە بۆ لێوی ئەرارات دەبڕێتەوە،

کەرکوک ئەشکی چاوی سابلاغ دەسڕێتەوە،

خۆر تیشکی خۆی دەدرێتەوە.

..............................

.............................

دڵخوازەکەم...

وشەکانی نامەکەی تۆ کوکوختینە

لە کوێستانیٚ ، لە چەم و لە دارستانیٚ

دەفڕن...دەفڕن...

دۆڵ و چەم و لووتکە و قەدپاڵ،

لێڕەوار و دەشت و چۆڵێ

ڕێگای سەخت و پڕسام دەبڕن.

بەسەر کلیلی کاولکاری،

بەسەر تەختی بێئەمەکی و تاوانباری

تێدەپەڕن.

ئەو وشانەی گەنم ڕەنگ و کەللە خڕن[1]

لەگەڵ ژانی زامی (کابراڵ) و (گیڤارا)

شەوارەی شێی شەوی شەرجی[2]

---

١- هەر نامە و جەژنانەیەکی بەکوردی بنووسرابوایە، دەیان سووتاند، نەدەدرایە خاوەنەکەی.

٢- شەرجی (با)یەکە لە خواروی ئێراق هەڵدەکات و تەپ و تۆزەکەی مرۆ دەخنکێنێت.

بۆ بیابان و گەردەلوولی گەرد و گەرما
لوولیان دەدات،
بۆ زیندانی بێسەروشوێن
وێڵیان دەکات،
لە دادگادا
گلێنەی چاویان دەپشکنن،
بە گاز و قەپ، لووت و گوێیان دەقرتێنن،
نینۆکیان یەك یەك دەردێنن،
بیلبیلەیان دەسووتێن،
سنگیان دەدڕن، گونیان دەبڕن
کە دەزەنن سەر شۆڕناکەن
نەهێنیشیان نادرکێنن
سێدارەی گڕیان بۆ دێنن
..............
................
تو خوا ئازیز...!
دڵتەنگ مەبە و هیچ خەم مەخۆ
وشە و وێنەی جەژنانەی تۆ
نرکە و هانای خورتە مێری سەر زەمینن
لە (ڤێتنام) و لە (کەمبۆدیا) ،

له (بەنگال) و له (رۆدیسیا)

ئەستێرەنه دەجریوێنن،

بولبولن بۆ گوڵ دەخوێنن،

تیشکن به کەس سندم ناکرێن

گۆشەو کونجی زەریا و زەوی دەپشکنن،

وێنەی سوارێکی نەترساو،

کەلاوەی کۆشکێکی روخاو،

زنجیرێکی پس پس کراو،

ئاسۆی سوور و تیشکی هەتاو

به جەژنانه بۆمن دێنن.

.....................

ئەی بەهاری بێگولزاری کوردەواری

ئەی پەپوولەی باڵ وەریوی

گوڵ نەدیوی تێنووی شیله،

سوتاوی ناو گڕ و ژیله

هاواری تۆ...

له ناو بیر و هەست و کەللەم

به دەنگێکی توندی بێدەنگ

بانگم دەکات... هانم دەدات.

هاتم... هاتم...

من بەدەم بانگتەوە هاتم،
دادگا و سەرای بارەگای ژان
بە ئاگری قین و تۆڵە دەبرژێنم،
چاوی نووستووی خەواڵوبوو
بە ئەنگوستی پرشنگی خۆر
دەدوێنم.
دڵی ئازار و بێزاری بە چەنگاڵی بەختیاری
بە شارەگ و بە خوێنەوە
دەیهەژێنم...دەری دێنم.

* * * *

لە بەرۆژی وڵاتەکەی خۆما نەبێ
تەزووم ناشکێ
بەستەڵەکی ناو هەناوم نایکاتەوە...
تیشکی خۆری کوێستانەکەی خۆمان نەبێ
پەژارەی شەوی دەروونم،
تەمی رەشی ئاسۆی ژینم ناباتەوە.
ئەی بەرداشی پەستی و ئازار
هۆش و هەستم بەس بهێڕە[1].
ئەی باڵداری دەربەدەری!

---

١- بهاڕە

ئەی کۆترە کیویلکەی چیایی!
بەس ئەوەندە لە دەروونما بگمێنە،
بەس دندووکت لە برینەکانم بگێڕە
من زامدارم،
ئێوارەیە و تا بەیانی من بێدارم،
چاڵی چاوم...
هەر کونجێکی ئەشکەوتەکەی
سەرمت دەویٚ هێلانەتە.
خاسە کەوی کەنار رەزە سووتاوەکان!
لەبەر چاومی،
شمشاڵەکەت خستۆتە نێو کونی گوێی من
دەقاسپێنی، بەسۆز دەگری،
تۆ دەنگی چیای؟ یا من بۆنی ئەوم لیٚدیٚ؟
تەنها کەمیٚ ئارام بگرە!...
کاروانێکم بەڕێوەمە،
بیٚپشوودان، بیٚنووستنم،
کۆرپەی هیوام گرتۆتە نێو
بیلبیلەکەی چاوی خەبات،
بۆ ئەو تۆپکەی ئاسۆی روونی هاواردەکات
بۆئەوانەی پاشای مردن سێبەریانە،

بۆ كویَ دەڕۆن لەگەڵیانە...

پێشوازیبكەن! بە گیان، بە خوێن

سوپای تاریكی دەشكێنم ،

خۆری بەهار لە شەوەزەنگ

بۆ خەڵاتی ئێوە دێنم

.......................

*    *    *    *

٤

تۆش دەسگیران...! نازدارەكەم...!

بووكی بەهاری شارەكەم،

گەلاوێژی گەشی ئاسمانی ئەندیشەم،

من ئاسمانم بۆ تۆ دەویَ

تۆشم بۆ ئاسمان خۆشدەویَ،

دلگیرمەبە جێت ناهێڵم!

من بۆ كەژاوەیەك وێڵم

بۆ بووكینی تۆی بهێنم،

بۆ گوڵزاری سوورگوڵ وێڵم

تا بۆ وەرزی خۆشەویستی

خۆمان و شالووری بێنم،

وێڵم... وێڵم...

بۆ شیرینی نوقڵ و خەندە،

وێڵم... وێڵم...

بۆ ئاهەنگ و شایی و مژدە.

..................

......................

هاوڕازەکەم ...!

کە نووسراوێکی نەهێنی

هەواڵی بوونم بە سوورگوڵ،

بە گوڵەنێرگز،

بە ئەستێرەی گەشی بەیان

بەبن گوێتا دەچرپێنیٚ،

هەست و دڵت رانەچڵەکیٚ!

ئەسرین لە دوو چاوتا نەتکیٚ!

گەر وانەکەی تۆ یارم نی،

تۆ دڵخواز و دڵدارم نی،

چاو لە خانزاد، چاو لە زین کە!

هەستی تۆڵەت سواری زین کە!

جیهان دیلی نەبەزین کە،

کیژۆڵەی کوردی خوێنگەرم

جووتە سووارە لەگەڵ هاوڕێی ناو سەنگەرم،

.....................................

.....................................

.....................................

ماویەتی

بەسرە، سیحان، هەولێر،

دەربەندی رایات، قەسری شیرین

٩٧٣–٩٧٥

## سێ گۆرانی

### ١ ـ فیردۆس

لێوی کانیـــــاوی بێگەردی ژیان،
چاوی ئەستێرەی گەشی بەربەیان،

وردە پەرچەمی تەڕی دارســــتان،
گەردنی سپی نوێ بەفری کوێستان،

سینەی چیمەنی پێدەشتی بەهار،
دیمەنی ســروە و گوڵ و لەنجەولار،

تاڵی زێڕینی زوولفی خۆری گەش،
باڵای بڵندی لووتکەی گەردن کەش،

خــەندە و خەڵاتی بەری خەباتی،
هەســتی گــەڕاوەی دوورە وڵاتی،

تۆ چیی؟ فیردۆسی یاکامــەرانی؟
ئــاواتی؟ ڤــیانی؟ هەوێنی ژیانی؟

ویست و ئارەزووی؟ تۆ دەسگیرانی؟
دایــکی دایــکمی تۆ کــوردستانی.

سوسنگرد ـ ٩٨١

## ٢ - شیوەن

جێم مەهێڵە توخوا مەڕۆ شەیدای تۆمە و ئەژیم بۆتۆ،
سێبەری تۆمە و لەگەڵتم هەناسەتم، خورپەی دڵتم
خۆشم ویستی و بێ تۆ پەستم تۆی ئازیزی گیان و هەستم
ئاسۆی ئاواتم لێڵ مەکە هۆنراوەکانم وێڵ مەکە،
کۆرپەی هیوام مەخنکێنە خەرمانی رەنج مەسووتێنە
جێم مەهێڵە توخوا مەڕۆ مەمخە شین و گریە و رۆ رۆ
پەشیمان بی، پەشیمانی، پەشیمانی پەشیمانی
گەنجینە و ناو هەڵتبگرێ لە بیابانی ژین داتدەگرێ
ترس و سام و نێزەی دوژمن دەستت شل کا لە باڵای من
تۆ ئاوارە و بێ ناز دەژی منیش بیژوو مەمکم دەمژی.

چۆمان - ٩٧٧

## ٣ ـ  ئێش و ئاوات

**( بۆ فەلەستین)**

**ئـاڵە ئـاڵام ، ئـاڵای بـاڵای ئـاڵای تـــۆیـە**
**لەیلام، لەیلام، لەیلای لەیلاو لەیلای تۆیە**
**خوێن بۆ کێڵگەی مان و بوونمان ئاوەو پەینە**
**وێنەی یەکین، بـاڵام بە قەد کـاڵای تۆیە**
**یەك گیانبازین، دوو سەربازی یەك ڕێبازیـن**
**دەرد و ئێشم، هاناو ژان و سکاڵای تۆیە.**

چۆمان ـ ١٩٧٥

# کیژێ نەورۆز

شنەی نەمامی دەم سروەی شەماڵ،     خەندەی پڕ سۆزی سەر لێوی منداڵ،
ئاسکە کێوی سڵ، شەمامەی خاڵ خاڵ،     شاخونچەی سەر چڵ، ناسك، تەڕ وکاڵ،
مانگی لە چواردەی ئاسمانی ساماڵ،     شەونم و شەوبۆی شەقڵاوە و بێخاڵ،
کیژۆڵەی قەشەنگ تەمەن تازە ساڵ،     نەشمیل، شۆخ و شەنگ، هەست پڕ گڕوگاڵ،
کەژاڵ، ئێسك سووك، نەرم و نۆڵ،چاوکاڵ،     شەرمن و پڕناز، کاکۆڵ خاو، لێو ئاڵ،
باڵا بەرز و ڕێك، شیرین و شەپاڵ،     چاومەست، ڕووبەخاڵ،فریشتەی خەیاڵ،
سۆزی شمشاڵ و ئاوازی بولبول،     بەفری سەر لووتکە، شەونمی سەر گوڵ.

* * * *

پەریزاد! ئەی پەرستگای دڵ!     ناسك ئەندام! جوانتر لە گول!
گوڵزاری ژیان، ئاوازی گیان،     گزنگی خۆری دەم بەیان،
چڕۆی ئاوات، چرای شەوم،     دیدەی رۆژ و خەونی خەوم
تۆ بێهاوتای! تابلۆی جوانی!     وێنەی وەك تۆ بڵێم کوانی؟
دڵخوازەکەم! بۆ تۆ ویستم     بهۆنمەوە چەند هەڵبەستم
بە چەند دێرە شیعری رەوان     جوانیت دەرخەم بۆ گشت جیهان
تیای دەرخەم برژانگ و برۆ،     زۆر شیرینی وبێخەوشی تۆ،
سینە و مەم و خاڵ و گەردەن     هۆنراوەیەك جوان و دەگمەن،
بۆ مژدەیەك وا پێت دەڵێم     من خۆم دیتم، بڕوابکە پێم
لەژێر برژانگ، لە ژێر برۆ،     لەناو گلێنەی چاوی تۆ
کۆرپە منداڵێکی خرپن     پێدەکەنی و دەیڕوانییە من،

ئەو نۆبەرە لە ناو چاوت، بە ئەگریجەی زەردی خاوت
یاری دەکرد بە هەردوو دەست تا پەنجەی خۆی بە زولفت بەست،
وتی: دا...دا...د... دایە گیان منداڵێك بوو زادەی ڤیان،
زەردەخەنەی بەختیاری، وشەی مژدەی تریفەداری
لەسەر خونچەی لێوی جوانی هەڵدەفڕین بە گۆرانی،
جریوە و ئۆخەی سەر زمانی ببووە ئاهەنگ و شێخانی،
بەڵام ئازیز! سەد هەزار داخ، چەند هەوڵمدا وەك بێ‌ئۆجاخ
ئەو هەڵبەستەی ئەمن دەمویست بیهۆنمەوە بۆت خۆشەویست،
گەردانەك بێ لە مرواری یادگارێك بێ بۆ دڵداری.
پەرستگای من کیژێ نەورۆز! نەمدیت شتێك وەك تۆ پیرۆز
وەك خرپنی کۆرپەی منداڵ، وەك پرشنگی بەیانی کاڵ،
ناچار گیانە بێهاتوچۆ خۆم دەخەمە باوەشی تۆ
تۆش بمخە ناو کۆشی نەرم باسکت بکە بە ژێرسەرم
دەمت بێنە بەبێ شەرم ماچی تەڕ و سۆزی گەرم
جا کام شعر ناسك و خۆشە یا کام ئاواز زۆر بەجۆشە
لە هەرشوێن بێ بۆتی دێنم بە لایلایە دەتخەوێنم
دەتوێنمەوە دڵ و گیانم لەناو گیانتا، گیانی گیانم.

بەغدا ـ نەورۆزی ٩٧٢

چاك نابێتەوە شوشە گەرشکا، ناگەڕێتەوە ئابڕو گەر تکا

## دروێنەی سەرکەوتن ئۆپەرێت*

کۆمەڵە **جوتیارێکی** ڕەشورووتی شەن و داس و بێڵ بەدەست، بە دەوری خەرمانێکی گەورە دەسوورێنەوە و هاوار دەکەن: -

**ئێمەی جوتیار یەك دەستین، تێدەکۆشین ناوەستین،**
**ڕۆڵەی زەوی و سروشتین، یەك دڵ و گیان و هەستین،**
**بژێوی پەیدا دەکەین، ڕووی زەمین دادەچێنین،**
**بەخێوکەری کۆمەڵین، ژیان لە خاکدا دەڕوێنین،**
**وا هاتەدی ئاواتمان، ڕۆژی بەرهەمهێنانە،**
**ڕەنجی بازو و شانمانە، ئەو داهات و سامانە.**

***          *          *          ***

**گەنم و جۆمان گەوهەرە، گوڵە، خۆراکی گیانە،**
**لە ژێر دەستی ئێمەیە، سەرچاوەی ئەم جیهانە،**
**پەرژین و پاردە کردن، بژار و ئەستری بڕین،**
**ئاودان و میوە ڕنین، دروێنەیە و گوڵ چنین،**
**لە کارکردن بتە گوڕین، بەروبووم بۆ خۆمانە،**

---

- به ئاوازی هەدروونەدروونه ...دەسکی داسێم بەڕوونە دەگوترێت.

لەئاداری ۹۷۱ بە ڕێز مامۆستا عبدولواحد مەرجان ئاوازێکی دیکەی بۆ دانا و لە لایەن قوتابیانی ئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر لە هۆڵی گەل پێشکەشکرا و دواتر لەفیستیڤاڵی قوتابخانەکان لە بەغدا پێشکەشکراو لە تەلەفزیۆنی (بە ڕەش) وسپی تۆمارکرا و دەرهینەری بەرێزیش بە ناوی خۆی تۆماری کردبوو.دەسکاریم کۆتەوە.

**خـــەرمـانی خەباتـــــمانە،          ئەم بەرهەم و ســــــــامنە.**

*          *          *          *

**بەگ:** بالآ بەرزێکی سوور و سپی و چاوشین و موو سیسەی ریش و سمێلْ تراشراوی ورگنە، چاکەت و پانتۆلێکی شین و شەپقەو ملپێچ و پێلاوێکی کەوەیی نایابی پۆشیووە. **میر:** سمێلْ زلێکی رەنگ ئەسمەری جبە بەشان و سەر بە مێزەر و ریش ماشوبرنجە. **سەروەر:** لە شێوە وجلوبەرگدا شای شایانە.

دەچنە سەر خەرمانەکە و دەنەڕێنن :

**بەگ و ســـــەروەر و میرم،          خـەرمـــان گشتی هی منە،**

**ئەوی ســــەری ببزیـــّوی،          ئەوە بۆ مـن دوژمنـــــــە،**

**مێشکی دەهاڕم وەك ئاش،          خوێنی دەمژم زوو بە زوو،**

**چـەپەلْ و رەشـوڕوتـــــن،          کـەری ژێـر بارن هەمـــوو،**

**نۆکـەر و بـەندەی منـــن،          خـۆتـــان و مــــالْ و مندالْ،**

**کەوش و پیـــّلاوی منـــن،          زۆرکردەوەی ســـەر بەتـالْ.**

*          *          *          *

کەژاوەی **جوتیارەکان** شەن و داس و بێڵەکانیان بەرزدەکەنەوە و بازنەیەك بە دەوری **میر و بەگ و ئاغا و نۆکەردا** دروست دەکەن و خێرا خێرا دەسووڕێنەوە و یەك دەنگ دەڵێن: ـ

**زۆردار و چڵکـــاو خـــۆران،          زێـــــــڵوی گەرووی هـــەژاران،**

**یەکـبوون وهـێزی گەلْ هات،          ســــــەردار کـەوتنە ژێر داران،**

**رۆژی شـــایی و شـــــادییە،          ســەربەستی و ئـــــــــازادییە،**

**بۆ سگ تێرکە و دڵ ڕەقان،		دەرد و هانا ساردییە،**
**وا هاتەدی ئاواتمان،		ئەمڕۆ خەرمان لۆغانە**
**بەهاری نیشتمانە،		ئەم جۆخین و سامانە.**

**سەرکار:** رانك و چۆغە لەبەرێکی چوار شانەی ملشۆڕ و سمێڵ گەورەی تفەنگ بەدەستە، دوو هەنگاو لە پاش بەگ وئاغا و میر وەستاوە و رووی دەمی و تفەنگەکەی دەکاتە جوتیارەکان و بە دەنگێکی ژنانەوە دەقیژێنی: ـ

**من نۆکەری ئاغامە،		پاسەوان و پشتبەستم،**
**تیکە چەور و حەساوەم،		سوارچاك و چەك بەدەستم،**
**لای گەورەم زۆر لەپێشم،		ئەو باوکمە و من کوڕم،**
**یاخوا هەر پایەداربێ،		چۆنی بوێت وای لێ دەخوڕم.**
**وەك گلێنەی چاوی خۆم،		دەیپارێزم ، بێباکم،**
**ئاغاو میرم نەمێنن،		منیش بۆ ژێر خاك چاکم.**

جوتیارەکان بازنەکە تەسکتر دەکەنەوە و خێراتر دەسوڕێنەوە، میر و بەگ و ئاغا و سەرکار دەکەونە ژێر پێیان، دەنەرێنن: ـ

**زنجیر و کۆت نەماوە،		میللەت ئەمڕۆ سەربەستە،**
**پەپوولەی بەختیاریمان،		لە شیلەی شادی مەستە،**
**تەپڵی شادی لێدرا،		دەردی بێدادی نەما،**
**کۆنە مردووی هەزار ساڵ،		لەگەڵمان کەوتنە سەما،**
**وا هاتەدی ئاواتمان،		بەهاری کوردستانە،**
**دروێنەی سەرکەوتنە،		ئەم دەسکەوت و سامانە.**

# راز نووسین*

که بڵاوکراوەیەکی نوێ دەبینم، هەستم دەبێتە منداڵێکی بنارگر[1] چاوی بە بووکەشوشەیەك دەکەوێت و رك دەگرێت، هەڵدەپەڕێ و خۆی دەپچڕێتەو، تا وەدەستی نەهێنێ ناوەستێ، هەر گوڵێکی تازە پشکوتوو ببێنێ، دەیەوێ ناسکی و تام و بۆنی هەڵبسەنگێنێ، گوڵە مێخەکێکی پڕ گوڵاوی هەنارییە!؟ گوڵهەنارێکی دوورکوژی نزیك خەسارە!؟ بەدەست خۆم نییە، ئەمە خووە و گرتوومە. جارجار دەمەوێ دەست لە نووسین وەربدەم، هەستی دەروونم تۆماربکەم، بەمەرجێك لەگەڵ رەوە و نەوەی بڵاوکراوەی ئێستا بگونجێت. زۆر لەخۆ دەکەم، خۆم دەسخەرۆ دەدەم، گەر گەرەکم بێت زەڕنەقووتەکەی ببێتە کۆترێکی سپی ماڵی، یا گاپەلێکی کێوی، چاو هەڵناهینێ، لە ناودەستمدا مردار دەبێتەوە، کە بمەوێ نەمرێ و باڵبگرێ و ببێتە فڕندەیەکی ئێسك سووك، دەبێتە هەڵۆیەکی تیژفڕی، قیژە تیژی دەنووك و چڕنووك پۆڵاین، هەر حەفت ئاسمانان تەیدەکات و دەقریوێنێ، شاباڵی بەسەر دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانی دادێنێ، لە بەرزایی ئاسمانەوە، بە چاوە تیژەکانی گشت کونج و بن پنجی ئەم گەردوونە بەوردی

---

* لە ساڵی ١٩٨٩ی .ز. نامیلکەیەکی شعری هەڤاڵێکم کەوتە دەست، کەپێشتر لە ٩٧٤ لە گەڵیا لە شاخ پێکەوەبووین و ئەوکات هەڵبەستی جوان و ناسکی هەڵدەبەست، بەڵام بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی بڵاوبکرێتەوە ئەوەندە کلك و گوێی هۆنراوەکان بڕابوو و پووچەڵ کرابوون کە ئیتر لە مەل نەدەچوون، هەر لە بەهاری ٨٩ دا لە رادیۆکەی بەغدا (من لە ئەبوغرێب بووم) گوێم لە گۆرانییەك بوو کە شعرەکەی هی ئەو نامیلکەیەبوو، گۆرانییەکەش وەك هۆنراوەکە سارد و سڕ و بێپێزبوو ، هەستم ورووژا، ئەم چەند دێرەم نووسین، دواتریش بە نیوەچڵی لە ژمارە ٢٣٤٥ ـ ٩٧/٦/٥ رۆژنامەی برایەتی بڵاوکرایەوە.

[1] — رکۆنی، رق گر

دەپشکنیّ، لە گەلّ رەوی واشە لاشەخۆرەکان دەیکاتە جەنگی مان و نەمان، تاریان دەکات، ئەگەر دەیگرمەوە قەفەزی دلّ و دەروونم دەشکێنیّ، بەرەلاّبیّ دەمفەوتێنیّ. ! نازانم بیر و هەستی من نامۆیە و لە گەلّ خودی خۆم و دەوروبەردا ناسازیّ ...! یا ئەمە راستی و دروستی بارودۆخی نووسین و رەنگدانەوەی ژیانی ئێمەیە؟

کە هزر و هەست، زمان و دەربڕین، کردار و هەلسوکەوتی مرۆ، لە یەکدی هاوێربکرێن و لە یەکتر دابڕێن، لە ئەنجامدا پێکەوە نەبان و نا تەبا دەبن. من وای بۆ دەچم کە جیابوونەوەی زمان و کردار لەگەلّ بیر و بۆچوونا لە سەرچاوەی هەستەوە هەلّدەستیّ، چونکە هەست، هەست بە تالّ و شیرینی ژینگەی ئادەمیزاد دەکات، نزیك و دوور، هەوراز و لێژ، کات و شوێن دەبێنیّ، خۆنەویستە زۆرانبازییەك لە نێوان ویژدان (دیوی ناوەوەی هەست) و ویستە خۆشە ژیانپەرستەکان روودەدات، بێلەنگەرییەك پەیدا دەبێت، یا زمان و کردار دەبنە داردەستی دەستی ویژدان، یا جلّەوی لە دەست بەردەبێت وئەسپە شێتەی حەزی نەخۆش هەلّیدەگریّ و لە هەلّدێری قافی ژیانی داویّ، دەسەلاّتی بالاّش پابەندە بە پتەوی خودی مرۆڤ و کاریگەری دەوروبەرەکەی.

کە دەمەوێت تابلۆیەك بنووسم. باشووکەی خەیالّم هەلّدەفرێنم بۆئەوەی بیرۆکەیەکی دلگیرم بۆ بگرێت بەلّکو بیکەمە هەوێنی کورتە چیرۆکێك، کۆپلّە شعرێك، لووت و بزوت سەدان روداوی رووت بە قینەوە روودەبنە پەلی خەیالّم، بالّبەستی دەکەن و بۆ سەر زەوی راستەقینە دایدەگرنەوە، هەزاران بووکی رازاوەی شەرمنی دلّ پڕ راز و ئارەزوو، بووکە پەری بالّ سپی لێو بەبزەی چاو بە فرمێسك، بەبێشەرمی دەستی زاوای هەستم دەگرن، بە نزگرەی خنکاوەوە لێم

دەپرسن:ـ (( لە ئێمە شۆخ و خۆشتر، رووپاك و دەروون خاوێنتر، دلسۆز و دڵ بەسۆتر، دڵگیر و دڵ گەرمتر بە کام خەیاڵ و کام راوکەر راودەکرێت؟ لووت بەرزەی نابینا! بۆ نامان بینی؟ ئێمە ئەفسانەی نەبڕاوەینە، بۆ نامان خوێنیتەو؟)).

کە کەزی چەند بەسەرهاتێکی سەر ئەم خاکە ناخ پڕ گرکانە بەیەکەوە دەهۆنمەوە، دەبێتە زنجیرێکی ئێجگار گەورە، زنجیرێك کە هەموو زیندەوەرانی سەر ئەم هەسارە، هەوسار و سندم بکات...! بەڵام تەنها هەر بە تەنها لە خۆم دەئاڵێتەوە...، دەبێتە ئەژدیهایەکی ترسناك، لە سەر کلکیا رادەوەستێ، دەم دەکاتەوە، دەکیفێنی، دەڵێم ئێستا گاز لە گۆی زەمین و ویژدانی مرۆڤایەتی دەگرێت، کەچی تەنها، بەڵێ تەنها بێئەوەی کەس هەستم پێبکا، هەست و هۆشی من دەگەزێتەوە...، ناچار، بە ناچاری و کوڵەمەرگی هەڵیان دەوەشێنمەوە... دوبارە، سێبارە، دەبارە.... چیبکەم خەیاڵ لە فڕین ناکەوێ، ئەندێشەم پڕ ئێشە و دەگەڕێ... چاو دەگێڕێ...گوێ رادەگرێ بۆ شتێك کە تێنووەتیم بشکێنێ، شەکەتیم بحەسێنێتەوە. وەك کۆنەپەرستێك پەنادەبەمە بەر رابردوو، گوێ بۆ گۆران، هەردی، کامەران شل دەکەم، مقامەکانی خاڵە تایەر، مامڵێ، خالقی، لاوکەکانی کاوێساغا، شڤان دەخوێنمەوە، بۆ دڵسۆزیان بە سۆز دەگریم، کە بە ئاگادێمەوە و ئەسرینەکانم دەسڕمەوە،چاوی سەرنجم دەگێڕم، گوێی هەستم بۆ هونەرێکی رەسەنی سەردەم رادەگرم (کەدەڵێم هونەر مەبەستم مانا فراوانەکەیەتی)، لە داخان دوبارە بە کوڵتر دەکوڵێمەوە.

لەوەتی لە یەکدی دابڕاوین، لە تۆ دەپرسم! هونەری داهێنانمان، داهێنانی هونەریمان چیبووە؟دەزانی پازدەساڵ لە تەمەنی میلەتێکی دواکەوتو، لە چەرخی

خێرایی و پێشکەوتندا نرخی چەندە؟ مەگەر ژاپۆن لە ساڵی(١٩٤٤)ی.ز. لە جەنگدا نە دۆڕا؟ نەپلیشایەوە؟ ناکازاکی و هیرۆشیمایان مۆری دڕندەیی تەوێڵی مێژووی مرۆڤایەتی نین؟ بە پازدە ساڵ لە وڵاتێکی شکست خواردووی گەورەترین جەنگ هەڵنەستایەوە، نەبۆوە ئەم ژاپۆنەی ئیمپڕ کە دەوڵەتە دەوڵەمەند و مەزنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوئاوا دەستی سواڵی بۆ پاندەکەنەوە...؟ بەڵێ بە پازدە ساڵ، بەڵام چۆن و بۆچی؟ چونکە ئەوان لە ناو خودی خۆیانا هەرەسیان نەهێنا، هەستیان نەمرد، کاتیان کردە کۆڵیان و کۆڵیان نەدا، سووتان لەلایان بوو بە ڕووناکی و وزە و جووڵە و تێگەیشتن و پێگەیشتن. پرسیارێکی شێتە و وەڵامێکی ژیری دەوێت (( لەم حەمکە ساڵەدا تەکان و ڕابوون و پێشکەوتن و گەشەکردنمان لە گشت بوارەکانی ژیانا چەند بووە؟ هونەر و داهێنانی هونەریمان چی بوو؟. کە هاوێنەی هونەر دەبێتە ئاوێنەیەکی تەڵخ، شێوەی کات و شوێن و کاردانەوەی دەروون دەشێوێنێت، هۆنەر و هونەرەکەی پوچەڵ و بابردەڵە و مردۆخ و بێنرخ و بێگیان دەبن. من حەز لە گۆرانی دەکەم، گۆرانی دەنووسم، لەگەڵیاندا دەژیم، حەزم لە دەنگ و ئاوازێکە هەست و هۆش جۆشبدات، گریان و خەندە بەخش بێ، بوێر و ڕەسەن و چاوتیژ و تۆکمە و ڕەسەن و بێخەوش بێ وەك ئەو هەڵۆ بەرزە فڕەی ئاسمانی وارە بێنازەکەمان. من هۆگری لاوك و باڵۆرە و حەیرانم، شەیدای چریکەی شالوور و بلوێری شوان وقیژەی هەڵۆ و قاسپەی کەوانم، کە لەشاخەکانەوەبێنە نێو گیانم :-

(( وەرە لێ لێ ، گەلۆ لۆ لۆ، ڕابن لۆلۆ،درەنگە لێ لێ ...))

# پێناسەیەك

ناوم (سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر ئەحمەد تاوس)ە، لە شەوی یەکەم شەمەی ئویلوولی ١٩٥١ ز. لە گوندی (هەمزەکۆر ـ قوشتەپە) ی دەشتی هەولێر چاوم هەڵێناوە، باوکیشم هەر لەم دێیە لە دایك بووە و باپیرەیشم لەوێ مەلا بووە.

بە رەچەڵەك لە خێڵی (شێخبزێنی) تیرەی ( چۆغەرەشی)، مولکدارەکانی گوندی (حەمدۆن)ی ناوچەی (شێخبزێنی) هاتووینەتە خوارەوە.

دایکیشم (هەمین ئەحمەد مەلا عەبدولرەحمان) مەلازادەیە و ماڵە باوانیشی شێخبزێنی گوندی ( گۆڕقەرەج ـ تەق تەق)ن و لەگەڵ (حاجی قادری کۆیی شاعیر) لە پشتێك هاتوونەت خواەوە.

لە پایزی ١٩٦١ لە گوندی (گەرەوانی خواروو ـ خۆشناوەتی) ماڵمان سووتاوە و هاتووینەتە گوندی (میرزاغا ـ قوشتەپە) و قوتابخانەی سەرەتاییم لە گوندی (مورتکەی گەورە ـ قوشتەپە) تەواو کردووە، قۆناغیخوێندنی ناوەندی و ئامادەیی کشتوکاڵیم لە هەولێر بڕیووە، لە ساڵی خوێندنی ٧٢–٩٧٣ لە پەیمانگەی کشتوکاڵی (پاراستنی روەك) لە (ئەبوغرێب ـ بەغدا) بە یەکەم دەرچوویم، دوای سێزدە ساڵ سەربازی و پێشمەرگەیی و بێکاری و فەرمانبەریەتی دەستم بە خوێندن کردۆتەوە و لە ٨٩–١٩٩٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆس (لە رووەکپارێزی)م وەرگرتووە و لە یەکەمەکانی کۆلێجی کشتوکاڵی زانکۆی بەغدا بووم.

هەر وەك زۆرینەی هاوتەمەنانی خۆم لەم وڵاتە زەوتکراوە و لەم قۆناغە پڕ ئێشەدا، هەژاری وماڵوێرانی و چەرمەسەری، راگوێزان و هەڵاتن و دەربەدەری زۆرم دیووە و بەڵام هەمیشە بە ئاواتی گەشەوە ملەم لەگەڵ نالەباری ژیان بووە و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا کارم کردووە و بە کردەوەش ویستوومە رۆشناییم هەبێت.

ئێستا لە هەولێرم، خێزاندارم و سێ کچ و سێ کوڕم هەیە، نۆبەرەکەیان لە دوا قۆناغی کۆلێجی پزیشکییە و بچوکەکەشیان لە پێنجەمی سەرەتاییە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانم**

| # | بابەت | ژمارەی ل | |
|---|---|---|---|
| ١- | اسس مكافحة الافات الزراعية ــ ١٩٩٩ | ١٠٥ | صدرالدين نورالدين ابوبكر |
| ٢- | هەنگ بە خێو کردن ـ ١٩٩٩ | ٨٠ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٣- | تربية نحل العسل ــ ١٩٩٩ | ٨٨ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٤- | ڕێنمایی بەکارهێنانی پەیین ـ ١٩٩٩ | ٥٦ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٥- | ڕێبەری بەرهەمە کشتوکاڵییەکان ـ ٢٠٠٠ | ٣٢ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٦- | دليل انتاج المحاصيل الزراعية ــ ٢٠٠٠ | ٢٨ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٧- | ڕووەکە مشەخۆرەکان ـ ٢٠٠٠ | ٢٢ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٨- | دەرد و نەخۆشییە کشتوکاڵییەکان ـ ٢٠٠٠ | ٤٠٤ | صدرالدين نورالدين و هەڤـــــــاڵانی |
| ٩- | الافات الزراعية واسس مكافحتها ــ ٢٠٠٠ | ٣٩٢ | صدرالدين نورالدين و اخــــــــرون |
| ١٠- | مێژووی توێشکاری نەرم ـ ٢٠٠٠ | ١٤ | صدرالدين نورالدين و عبدالستار فرج |
| ١١- | پێشکە سپی ـ ٢٠٠٠ | ٢٨ | صدرالدين نورالدين ابوبكر |
| ١٢- | سن و کیسەڵە ـ ٢٠٠٠ | ٣٤ | صدرالدين نورالدين ابوبكر |
| ١٣- | مۆرانە ـ ٢٠٠٠ | ٢٨ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ١٤- | دەردەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی داکراو ـ ٢٠٠٠ | ١٠٠ | صدرالدين نورالدين و قاســم عبدالله |
| ١٥- | کرمەکانی میوە ـ ٢٠٠٠ | ٢٨ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ١٦- | قەدسمەی داری میوە و دارستان ـ ٢٠٠١ | ١٠٤ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ١٧- | الفاروا / افة نحل العسل ــ ٢٠٠٢ | ٢٨ | صدرالدين نورالدين و محمد صــالح |
| ١٨- | هەنگ بەخێوکردن ـ ٢٠٠١ | ٣٦٠ | صدرالدين نورالدين ابوبكر |
| ١٩- | نەخۆشییە فسیۆلۆجیەکانی ڕووەك ـ ٢٠٠٢ | ١٥٨ | ئاودێر حمد و صدرالدين نورالدين |
| ٢٠- | امراض النبات الفسلجية ــ ٢٠٠٢ | ١٦٠ | ئاودێر حمد و صدرالدين نورالدين |
| ٢١- | حشرة السيكادا ــ ٢٠٠٣ | ٢٨ | محمد صــالح و صدرالدين نورالدين |
| ٢٢- | دەرد و نەخۆشییەکانی تەماتە ـ ٢٠٠٣ | ٤٢ | صدرالدين نورالدين ابوبكر |
| ٢٣- | مێژووی سرییس ـ ٢٠٠٣ | ٢٨ | ئاودێر حمد وصدرالـدين نورالدين |
| ٢٤- | دەرد و نەخۆشییەکانی ڕووەك ـ ٢٠٠٣ | ٥٦٨ | صدرالدين نورالدين ابوبكر |
| ٢٥- | افات وامراض النبات ــ ٢٠٠٣ | ٥٥٢ | المهنـدس ازراعي : صدرالدين نورالدين |
| ٢٦- | ڕێبەری بەرهەمهێنان و پەینکردن ـ ٢٠٠٣ ـ چ ٢ | ٨٧ | صدرالدين نورالدين و جلال حمدامين |
| ٢٧- | تربيه نحل العسل ـ صدرالين نورالدين ـ ٢٠٠٣ | ٣٢٨ | ترجمه ابوبكر احمد و عبـــدالستار فرج |
| ٢٨- | سنووری ستەم و ئازار ـ ڕۆمان ـ ٢٠٠٤ | ٢٤٠ | |
| ٢٩- | ئەستێرە و خــــاك ـ هۆنراوە ـ ٢٠٠٤ | ٦٠ | |